KURDISTAN



# ئاوارە

پەپوولەی سەرچڵەکانی دڵ، ئاوارەی دەم بەخەندە،

له پەراویزی ماڵئاوایی ئاوارە حەسەنزادە

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی




# پەپوولەی سەرچڵەکانی دڵ، ئاوارەی دەم بەخەندە

## لە پەراویزی ماڵئاوایی ئاوارە حەسەنزادە

---

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

سەرچاوە
Serchawe




سەرچاوە
Serchawe

# ناوەرۆک:

١- ئاگاداری کۆچی دوایی ئاوارە حەسەنزادە.................................................................. ٤
٢- "کێوانی کوردستانەکەم، جێگەی تۆ کاکە جوانەکەم"............................................ ئاسۆ حەسەنزادە ..... ٦
٣- ئاوارە ناوێک پڕ لە جوانی و پڕ لە خەندە و سادەیی...................................... حەمەڕەسووڵ کەریمی ..... ١٠
٤- دەردی غەریبی و دووریت چەند بەژان بوو، هیجرانیشت هەزار ئەوەندە!.................. ڕەحمان حەسەن زادە ..... ١٤
٥- ئاوارە؛ پەپوولەیەک لە جەرگەی شۆڕشەوە.................................................. مستەفا مەعرووفی ..... ١٧
٦- بۆ کۆچی دوایی جگەرگۆشەی مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە و دایە مەلاژن.................. ئەحمەد ڕەحمانی ..... ٢٠

٧- پەیامی هاوخەمیی لایەنە کوردستانییەکان........................ ٢٢

– نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان...
– ناوەندی ڕاگەیاندنی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران...
– پێوەندییە کوردستانییەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان...
– کۆمیتەی پێوەندییەکانی پارتی ژیانی ئازادی کوردستان (پژاک)...
– مەکتەبی سیاسیی – حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان...
– بزوتنەوەی گۆڕان مەکۆی هەولێر...
– ئیبرایم عەلیزادە؛ سکرتێری کۆمەڵە – ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران...
– باپیرکامەلا؛ سکرتێری پارتی کرێکاران و ڕەنجدەرانی کوردستان...
– عوسمانی جەعفەری؛ سکرتێری یەکێتیی دێموکراتی کوردستان...
– لاهور شێخ جەنگی...

٨- سوپاس و داوای لێبوردن.............................................................. عەبدوڵڵا حەسەن زادە ..... ٣٣



سەرچاوە
Serchawe

## ئاگاداری کۆچی دوایی ئاوارە حەسەنزادە

بە دڵێکی پڕ پەژارەوە ڕادەگەیەنم کە ڕۆژی پێنج شەممە ٢٩ی جۆزەردانی ١٤٠٤ی هەتاوی (بەرامبەر بە ١٩ی ژوئەن/حوزەیرانی ٢٠٢٥ی زایینی) ڕۆڵەی ئازیز و دووروڵاتم ئاوارەی حەسەن زادە لە وڵاتی سوێد بە نەخۆشییەکی کتوپڕ کۆچی دوایی کرد و داخ و پەژارەی لەسەر دڵی دایک و باب و خوشک و برا و کەسوکاری بەجێ هێشت.



ڕێوڕەسمی پرسە و سەرەخۆشی بەو بۆنەیەوە سەعات (٤) تا (٦)ی دوانیوەڕۆی ڕۆژی دوو شەممە ٢٣ - ٦ - ٢٠٢٥ لە هۆڵی سکتانی شاری کۆیەی باشووری کوردستان بەڕێوە دەچێ.

دۆستان و سەروەرانێک کە ڕێگایان دوورە پێویست ناکا زەحمەتی هاتن بکێشن و دەتوانن لە ڕێگای تەلەفۆن و ئینترنێتەوە پەیامی هاودەردیی خۆیان بە ئەندامانی بنەماڵەکەمان ڕابگەیەنن.

ڕێوڕەسمی بەخاکسپاردن و سەرەخۆشی لە سوئێد دواتر بە ئاگاداریی دۆستان و ئاشنایان دەگەیەنین.

**لە پەراویزی ماڵئاوایی ئاوارە حەسەنزادە**

**بە ڕێزەوە**

**عەبدوڵڵا حەسەن زادە**

**کۆیە، ٢٢ - ٦ - ٢٠٢٥**

---

**بەڕێز مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە، باوک و دایکی دڵسۆزی ئاوارە گیان**

**بەڕێزان خوشک و براکانی ئاوارە حەسەنزادە و گشت خزمان لە نێوخۆی کوردستان و دەرەوەی وڵات**

هەواڵی کۆچی دوایی کاکە ئاوارەی خۆشەویست، پەپوولەی سەرچڵەکانی دڵ، ئاوارەی دەم بەخەندە، بۆ هەموو ئەوانەی لە نزیکەوە کاکە ئاوارەیان دەناسی بۆتە مایەی خەم و پەژارە، لەو کاتەوە هەواڵەکەی بە گوێمان گەیشتووە، دڵمان وەک بورکانێک گڕی گرتووە و خەم و پەژارە هەموو جەستە و ڕووح و ڕەوانی داگرتووین.

بەم بۆنە ناخۆش و دڵتەزێنەوە، لە ناخی دڵەوە لە ئێوەی ئازیز و تێکۆشەر کە جیا لە دایک و باوکی ئاوارە گیان ، بۆ ئێمەش باوک و دایک و مامۆستا و ڕێبەر بوون سەرەخۆشی دەکەین و خۆمان بە هاوبەشی خەمتان دەزانین، لەو دڵنیام ئەم کۆستە گەورەش نابێتە هۆی بێ هیوای و نەمانی یەکجاری کاک ئاوارەی خۆشەویست، بەڵکوو یاد و ناو و بیرەوەرییەکانی لە دڵی هەموو لایەکمان دا بە زیندوویی دەمێنێتەوە.

**ڕووح و ڕەوانی شاد و ئێوەی ئازیز و خۆشەویست تەمەن درێژ بن.**

**ماڵپەڕی گیارەنگ**

**حەمەڕەسووڵ کەریمی و شلیر حەسەنپوور**

**٢٢ - ٦ - ٢٠٢٥**



سەرچاوە
Serchawe

## "کێوانی کوردستانەکەم، جێگەی تۆ کاکە جوانەکەم".



**ئاسۆ حەسەنزادە**

ئەم ڕۆژانە ئێمەش چاوەڕوانی هەواڵی خۆشتر بووین کە لەپڕ مۆتەکەی مەرگ، پاش دەیان ساڵ خاترگرتن و بەبێ هیچ نیشانە ناردن و ئاگادارکردنەوەیەک، سەرەنجام لە دەرگای ماڵی ئێمەشی دایەوە. برای گەورەترم، ئاوارە حەسەن زادە، چیدیکە لەو ژیانە تاقەتی نەهێنا؛ دڵە پاکەکەی لە غەریبی لە لێدان کەوت و چاوە جوانەکانی بۆ هەمیشە لەسەر یەک دانان...

## لە پەراویزیماڵئاوایی ئاوارە حەسەنزادە



ئاوارە ساڵی ١٩٧١ لە بەغدا لەدایک بوو. بابم بە ناوی شەهید مەلا ئاوارەی کردبۆوە بەبێ ئەوەی بزانێ کە ئەو کوڕەی لە هەموو کوردێکی دیکە ئاوارەتر دەبێ. ئاوارە لەبەر ئەوەی کەمئەندام بوو، ئەو وەختە کە سەرکردایەتیی حیزبی دێموکڕات لە گەورەدێی ناوچەی ماوەتی باشووری کوردستان لەژێر ڕەهێڵەی تۆپ و تەیارەی کۆماری ئیسلامیدا بوو، بە پێشنیار و بڕیاری شەهید دوکتور قاسملوو کە ئاوارەی خۆش دەویست و هەمیشە بە شۆخی دەیگوت "ئاوارە بەنەزمترین ئەندامی دەفتەری سیاسییە"، لەگەڵ پێشمەرگە بریندارەکانی حیزب ڕەوانەی سوئێد کرا بۆ ئەوەی لە ژینگەیەکی ئارامدا بژی.

## لە پەراویزی ماڵئاوایی ئاوارە حەسەنزادە

لەو کاتەوە تا ڕۆژی ڕۆیشتنی یەکجاریی کاک ئاوارە لەو دنیایە و بە درێژایی ئەو چل ساڵە، لەگەڵ ئەوە کە زۆر جار سەفەری کوردستانی کردبۆوە و بەردەوام کەسوکاریش سەردانیان دەکرد و دەیانبردە لای خۆیان، لەدوای ئازیزانی بەتایبەت بابم کە ئاوارە بە قارەمانی خۆی دەزانی، ئەو دڵی تەنیا بە کورد و بە پێشمەرگە دەکرایەوە و لەگەڵ ئاڵبۆمی فیلم و وێنەکانی کوردستان دەژیا. بەردەوام گوێی لە سروودی شۆڕشگێڕی دەگرت و "ئەی ڕەقیب"، "ئەی شەهیدان"، "من پێشمەرگەی کوردستانم"، "لێرە ناڕۆم" و"سەرنج بدەن" وێردی سەر زمانی بوون. هەمیشە بیرەوەرییەکانی نێو شۆڕشی وەرد دەدایەوە و لە کەسایەتییەکانی نێو حیزبی دەپرسی. ئەگەر هەواڵی مردنی کەسێکیشمان پێ دەدا، هەموو جارێ دەیگوت "شەهید بوو؟"!

کاک ئاوارەم بەیانیی ڕۆژی ١٩ی ژووئەن پاش تەنیا دوو ڕۆژ ناسازی و بەبێ هەبوونی پێشینەی هیچ جۆرە نەخۆشییەک، لە ناوەندێکی تایبەت بە کەمئەندامان لە شارێکی باشووری سوئێد بۆ هەمیشە بەجێی هێشتین و ماڵی وێران کردین. لەبەر ئەوەی دەبوو ڕاوەستین هەتا چەند کەسی بنەماڵەکەمان، بەتایبەتی خەمخۆری ڕۆژ و شەوی ژیانی ئاوارە، واتە کاکی گەورەمان (محەممەد)، بگەنەوە کوردستان بۆ ئەوەی ئەو هەواڵە جەرگبڕە بە دایکم بدەن و لەو کاتە هەرە سەختەی ژیانیدا دەوری بگرن، ناچار بووین ڕاگەیاندنی کۆست کەوتنمان هەتا ئێوارەی ئەمڕۆ وەدوا بخەین.

**ئاوارە گیان، کاکی من!**

**قبووڵکردن و ڕاهاتن لەگەڵ ڕۆیشتنی ئەوەندە لەپڕ و پێشوەختی تۆ زۆر ئەستەمە.**

ئەتۆ، پەپوولە بەناوبانگەکەی ژیانمان.. ئەتۆ کە بە سادەترین شت ئەوپەڕی شادی سەرتاپای وجوودی دادەگرتی.. ئەتۆ کە ئەگەر لە پەنات دانیشتباین، لە سەعاتێکدا سەت جار دەستت دەهێنا هەتا دەست بخەینە نێو دەستت...

**حاڵ و چارەنووسی تۆ پرسیارە بێوەڵام و خەم و حەسرەتە هەرە گەورەکەی ژیانم بوو.**

ئێستا نیگای مەزڵوومانەت، ئەو شتە وردانەی دڵت پێوە بوون و دڵی خۆش دەکردی، توانای سنوورداری هۆش و جەستەت، قسە کردنت، پێکەنینت، گریانت، بیرەوەرییە تاڵ و شیرینەکانم لەگەڵت، هەر هەمووی بووە بە ئاورێکی بە لرفە و دە گیانم بەر بووە؛ وەک ئەو ئێوارە غەمگینەی زستانی قەندیل کە پاش یەکەم گەڕانەوەت بۆ کوردستان و پاش مانگێک دڵخۆشی کاتی ڕۆیشتن ڕاست پێش ئەوەی سواری ئەو لاندکرۆزێرە بی کە دەیبردیەوە بۆ غەریبی وەک قوربانی ببەن بۆ کوشتارگا ئەژنۆت شکان، لە هۆش خۆت چووی و لەجێی خۆت لەسەر گڵی خاکی دایک ڕانیشتی..

## لە پەراویزی ماڵئاوایی ئاوارە حەسەنزادە

پاش ئەو رۆژەی ٢٥ی گەلاوێژی ١٣٦٣ کە ئازا سەکری ئەمنی بە "ئاسۆی قوتابخانە" ناوبرد، هەمیشە بە "ئاسۆ قەتەران" بانگت دەکردم (بۆت نەدەهات بە دروستی بیڵێی). تەواو، ئیدی بانگم ناکەیەوە...

ماندوو بووی کاکە. ئیدی بحەسێوە. لە هەموو ژیانمدا بۆ تاقە جارێکیش ئەتۆم بە خەولێکەوتوویی نەدی. ئەوجار بخەوە، بەڵکوو "ئەو خەوە هەستانی بێ"، بەڵکوو "پاشی نەمان ژینێ بێ"، بەڵکوو بتبینمەوە...

بتبینمەوە و وەڵامێک بۆ ئەو پرسیارە وەربگرمەوە کە بۆچی ئەلبێرت ئەنشتاین و فرانکلین رووزڤێلت و جۆن کێنێدی و ژاک شیراک و دەیڤید کامروون و جۆ بایدن و دەیان و سەدان کەس لە سیاسییەکانی ئەو دنیایەش منداڵێکی وەک تۆیان هەبوو، کەچی ئەوان لە وڵاتی خۆیان ژیان و مردن، بەڵام ئەتۆ نا.

ئەمن نووری چاوم دارژا و خەو لە چاوم ناکەوێ، بەڵام ئەتۆ بنوو رۆڵە گیان، بنوو...

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێکەوتی: ٢٢ی جوونی ٢٠٢٥

## ئاوارە ناوێک پڕ لە جوانی و پڕ لە خەندە و سادەیی



**حەمەڕەسووڵ کەریمی**

**کاکە ئاوارە حەسەنزادە کوڕی بەڕێز و تێکۆشەر، کەسایەتی سیاسی و ئەدیب و نووسەر و وەرگێڕی ناوداری کورد مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە لە وڵاتی سوئێد بە نەخۆشییەکی کتوپڕ کۆچی دوایی کرد.**

**پێش ئەوەی هەواڵەکە بە نووسین لە لایەن مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە بڵاو بێتەوە، ڕۆژێک پێشتر هەوڵم دا کە لەگەڵ برا گەورەی ئەمر کاکە ئاوارە، واتە کاک محەمەد حەسەنزادە لە فەرانسە پەیوەندی بگرم و هەواڵەکەی بە شێوەیەک لێ بپرسم، بەڵام بە هۆی ئەوە کە کاک محەممەد بەرەو کوردستان وەڕێ کەوت بوو، نەمانتوانی بە یەکەوە قسە بکەین، هەر دووکمان بە پەرۆشی ئەو هەواڵە بووین و نەمدەویست لە ڕێگەی منەوە باوک و دایکی کاکە ئاوارە ئاگادار ببنەوە، ئەگەرچی پێشتر مامۆستا ئاگادار کرابۆوە، بەڵام دیسانیش دڵم بەرایی نەدەدا ئەم هەواڵە دڵتەزێنە بە مامۆستا و بە دایکی ئاوارە ڕابگەیێنم.**

**لەو کاتەوە گوێبیستی کۆچی ناوەختی ئاوارە بووم، دەستم بۆ هیچ کارێک نەدەچوو، هەوڵم دا شتێک بە کورتیش بێ**

بنووسم، بەڵام دەستم بۆ نووسین نەدەچوو.



ئاوارە حەسەنزادە و دایە مەلاژن، دایکی نەمر کاکە ئاوارە، وێنەگر حەمەڕەسووڵ کەریمی

ئێستا کە ئەو چەند دێرانە دەنووسم دۆڵی کانی مێو و گەورەدێ و تەنیشت قوتابخانەی گەورەدێم دێنەوە بەرچاو، کە بە جووڵە و خەندە و هەڵسوورانی بەردەوامی ئاوارەی دوو جار ئاوارە، جموجۆڵ دەکەوتە نێو قوتابیان و هەموو منداڵە بێ نازەکانی نێو شۆڕش، نیشتەجێ لە بنکەی دەفتەری سیاسی حدکا دا.

ئاوارە کوڕێکی خوێن شیرین، هەڵسوور و پڕ ئینرژی و لە هەمانکاتدا وریا و چاوکراوە بوو، باری تەندرووستی باش نەبوو، بەڵام لە گەڵ ئەوەشدا ئاوەدانی نێو بنکە و بارەگاکانی حیزب بوو، لە بەردەم هەموو بنکەکانی حیزب دا هەڵدەسووڕا، لە بەردەم کتێبخانە بچکۆلانەکەی گەورەدێ ڕادەوەستا و جارجار لەگەڵ هاوتەمەنەکانی لە گەڵ گرمەی تەیارە بۆمب

## لە پەراویزی ماڵئاوایی ئاوارە حەسەنزادە

هاوێژەکانی کۆماری پەت و سێدارە و تەقەی پەدافەندەکانی حیزب کە کاک عەلی شەم سەرپەرەستی دەکردن، خۆیان بە کونە تەیارەیەک دا دەکرد و ماوەیەک خۆیان حەشار دەدا و دواتر دەهاتنەوە دەر و بەرەو ماڵەکانی خۆیان دەچوونەوە.

ئاوارە خۆشەویستی هەموو پێشمەرگە و بنەماڵەکان بوو، سەردانی زۆربەی بنکە و بارەگا و بنەماڵەکانی دەکرد، لە کاتی شایی و هەڵپەڕین دا یەکێک لەو کەسانە دەبوو کە یارمەتیدەری زۆر کاری ورد دەبوو، کەس دڵی لە کاکە ئاوارە نەدەیشا، ترسی لە هیچ شتێک نەبوو، کایە و یارییەکانی منداڵانی زۆر پێ خۆش بوو، لە قسەکردن دا ڕاوێژی تایبەت بە خۆی هەبوو، هەندێک ناوی بۆ خۆی بۆ چەند پێشمەرگەیەک کە هاتووچۆی لای بنەماڵەکەیانی دەکرد، دانابوو. کاکە ئاوارە ئەوەندە خۆشەویست بوو کە تەنانەت دوای ڕۆیشتنی بۆ دەرەوەی وڵاتیش ڕەمزی هەندێک لە قسەکانی لە سەر بێسمەکانی حیزب دەگوترانەوە کە تەنیا ئەو کەسانە ئەو ڕەمزانەیان دەزانین کە گوێیان لە وشەکانی ئاوارە ببوو.

لە سەرەتای ساڵەکانی دەیەی شەستی هەتاوی دا لە شەڕی نێوان ڕژێم و پێشمەرگەدا پۆلێک پێشمەرگە زۆر بە توندی بریندار و کەمئەندام ببوون و دەبوو حیزبی دێموکرات بۆ چارەسەری برینەکانیان و هەروەها حەسانەوە و پێڕاگەیشتن شوێنێکی گونجاویان بۆ دیاری بکا، هەر بۆیە شەهید دوکتور قاسملوو یەکەم گرووپی کەم ئەندامانی حیزبی بەرەو سوئێد ئامادە کردن و بە خۆشیەوە کاکە ئاوارەش یەکێک لەو کەمئەندامانە بوو کە ڕەوانەی وڵاتی سوئێد کرا.

ئاوارە لە یەکێک لە شارەکانی باشووری وڵاتی سوئێد لە شوێنی پێڕاگەیشتن و ڕاهێنانی تایبەت بە کەم ئەندامان دەژیا، کوڕێکی پاک و خاوێن، دەم بە خەندە، بە ڕاوێژێکی تێکەڵ بە کوردی و سوئێدی لەگەڵ کەسەکان دەدوا، ئەو شانسەم بە نەسیب بوو کە چەند جارێک بە تایبەتی بە دوای دا بچم بۆ شوێنی ژیانی خۆی و لەوێ ڕا بە یەکەوە بگەڕێنەوە بۆ لینشۆپینگ و یا ئەو شوێنەی کە بەڕێز مامۆستا دەبوو بیبینێ.

لە هەموو ئەو ماوەیە دا کە بە یەکەوە لە ڕێگا دا دەبووین، ئاوارە دەنگی زەبتی ماشێنەکەی بە ڕادەیەک بەرز دەکردەوە کە بە یەکەوە نەماندەتوانی قسە بکەین و یا لێک حاڵی ببین، دەبوو پێشتر سروودی کوردی و سروودی حەماسی ئامادە بکەم، لە ماوەی ڕێگا دا دەیان جار کاسێتەکەی دەگێڕایەوە بۆ سەرەتا و زۆرجاریش لە کاتی گەیشتن دا شریتەکەی لە خۆشەویستی ناوی بەرزی "پێشمەرگە و شەهیدەکان" هەڵدەگرت و دەیگووت جا دوایە دەتدەمەوە.

کاک محەممەد کەسرایی دوو کاسێتی سروودی بۆ ناردبووم، هەر دوو کاسێتەکەم کۆپی کردبوون، هەر جارێک لەگەڵ ئاوارە یەکترمان دەگرتەوە، دەبوو پێشتر کۆپیان بکەمەوە چوونکە هەموو جارێک کاسێتەکانی هەڵدەگرتن، نازانم لە شوێنی ژیانی

## لە پەراویزی ماڵئاوایی ئاوارە حەسەنزادە

کاسێتەکانی لێدەدان یا نا؟ بەڵام بە گشتی لەگەڵ ڕیتم و بەرز و نزمی سرووده کوردییەکان دەژیا، هەندێک کەسی زۆر خۆشدەویستن و تەنانەت دوای چەندین ساڵ ئاوارەیی لە وڵاتی سوئێد، ناوەکانی هەر لە بیر مابوون، بۆ هەندێک لە شەهیدەکان لە چۆکی خۆی دەدا و ئەگەر هەواڵێکی لە سەر کەسێک دەبیست، یەکەم شتی کە بە بیرو مێشکی دا ڕادەبرد، وشەی شەهید بوو و یا دەیگووت ئەویش بریندار بووە.

چەندین بیرەوەری خۆش و لەبیر نەکراوم لەگەڵ ئاوارە هەن و لە یەک دوو زەماوەندیش دا کە لە لایەن بنەماڵەوە بەشداری پێدەکرا، لە خەندەکانی بێبەش نەبووم، کوڕێکی بێدەنگ بەڵام لە هەمان کاتدا پڕ لە هێز و گوڕ و تین و تا کۆتاییش هەروا بە گوڕ و تینەوە هەڵدەسووڕا.

**داخی گرانم کاک ئاوارە بە بێ ئەوەی پێشینەی نەخۆشی درێژخایەنی هەبێ، تەنیا بە دوو ڕۆژ نەخۆشی کۆچی دوایی کرد و بە ماڵئاوایی یەکجاری هەموومانی خەفەتبار کرد.**

لە ناخی دڵەوە سەرەخۆشی لە بنەماڵەی بەرێز و تێکۆشەری کورد مامۆستا عەبدوڵلا حەسەنزادە، دایە مەلاژن دایە ئەستی، خوشک و براکانی ڕێزداران (کاک محەممەد، خاتوو گەلاوێژ، خاتوو نەسرین، کاک ئاکۆ و کاک د. ئاسۆ)، زاوا دڵسۆزەکانی کاک محەممەد کەسرایی و کاک مستەفا مەعرووفی، پوور و مام و خاڵەکانی ( مامۆستا مەلا حەسەن شیوەسەڵی و کاک قادر) و گشت خزم و کەس و کاری لە نێوخۆی کوردستان و دەرەوەی وڵات دەکەم و خۆم بە شەریکی خەمیان دەزانم، منیش وەک خۆم سوپاسی کەس و کاری کاکە ئاوارە دەکەم کە لە ماوەی چەندین ساڵی رابردوو دا بە سەردانیان بۆ شوێنی ژیانی، بە بانگهێشت کردنی بۆ لای خۆیان، ڕێزیان لە ئاوارەی خۆشەویست گرت و دڵیان خۆش کرد و نەیانهێشت بێ کەسی پێوە دیار بێ ، بەڵکوو هەمیشە ڕۆژمێریان دەکرد کە بتوانن کاکە ئاوارەی خۆشەویست زووتر ببینن.

**ڕووح و ڕەوانی شاد و یاد و ناوی لە دڵان دا هەردەم زیندوو بێ.**

**حەمەڕەسووڵ کەریمی**


**٢٢ - ٥ - ٦ - ٢٠٢٥ی زائینی**

**سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێکەوتی: ٢٢ی جوونی ٢٠٢٥**



سەرچاوە Serchawe

## دەردی غەریبی و دووریت چەند بەژان بوو، هیجرانیشت هەزار ئەوەندە!



**ڕەحمان حەسەن زادە**

کاکە "ئاوارە"ی ئاوارە، پڕ بە باڵای ناوی ناودێرت کۆچی چاوەڕواننەکراوت بەژان و پڕئێش بوو. بەچەشنێک بەبێ دەنگی و غەریبی لە ئاوارەیی دا ئۆغرت کرد کە ئینسان هەست بە فڕینی کۆترێکی سپی لە ناخی دا بکات.

هەرکە قوورسایی ڕوانینەکانت، ڕووخساری بە زەردەخەنەکانی سەر لێوان شیرینبووت، بە خانەکانی زەینم دا وەک فیلم گووزەر دەکات دەچمەوە دەورانی ڕابردوو و قسەخۆش و وشە ڕەعناکانت لەباوەش دەگرم.

چەندە پڕژان و بەئازار بوو خەبەری لە شەقەی باڵدانی کۆترە سپی و دەگمەن مەعسوومەکە، کاک "ئاوارە"ی ئازیز و

## لە پەراویزی ماڵئاوایی ئاوارە حەسەنزادە

نێودێر. ئەورۆ هەواڵی کۆچی ناوادەی کاک ئاوارەی حەسەنزادە کوڕی تێکۆشەری دێرین و ناسراو مامۆستا عەبدوڵلا حەسەنزادە و مامۆستاژن دایە ئەستی ئیبراهیمی دایکی ئاوارە و پێشمەرگەکان، هەموومانی تاساند و نیگەران کرد.

زەمانێک و لە ڕابردوو دا کاتی خۆی هەستم دەکرد چەندە ماڵی مامۆستا بەهۆی کەسایەتی سیاسی، ئەدەبی و کۆمەڵایەتیان، خۆشناو و خۆشەویست بوون هێندەی دیکەش بەهۆی بوونی کوڕێکی ڕووح سووک، مەشرفخۆش و شیرینزمانی وەک کاک "ئاوارە"ی خۆشەویست لە کۆڕی بنەماڵەدا ببوون بە مەکۆی خۆشەویستی و جێی هۆگری دەر و جیران، هاوڕێ، خزمان و دۆستان.

ئاخر ئەو کەسێکی تا بڵێی بەموحیببەت، ژیر، خاوەن زەکاوەت و خووخەدەی شیرین و تایبەت بەخۆی بوو. ئاسان دەچۆ ناو دڵان و نە لەبیر دەچوو و نە لەبیری دەچووی.

ئەوەی دیتبای و لەگەڵی دوابا، لە حافیزەی دا پاشەکەوت دەبوو و ناوبەناو یادی لێدەکرد.

بۆیە زۆر جاران بیستوومە و دەڵێن کە باس یان یاد لە کەسێک کرا دوایی هەواڵ یان شتێکی مەربووت بەهەمان کەس دێتە ئاراوە. دو ڕۆژ لەمەوبەر لە خزمەت دۆستێکی بەڕێز دابووم. لە نێو قسان دا یادی لە بیرەوەریەکی شیرین و خۆشی ئاوارە حەسەنزادە کرد کە خۆی ناوەڕۆکی بیرەوەریەکە دەرخەری ڕادەی خۆشەویستی ئاوارەی جوانەمەرگ بۆ کەسەکان و هەروەها زەکاوەت و بیرتیژی ئەویان دەگەیاند و دەسەلماند. ئەو دۆستە بۆی باس کردم کە گۆیا ئاوارە دوای زیاتر لە ٢٥ ساڵ یەکتر دیتن بە هاوڕێیەکی باوکی (مامۆستا حەسەنزادە) کە دەچنە سەردانی دەڵێت: " ئەدی دینت....کوا پیپەکەت؟" چونکی پێشتر پیپی پێ دیبوو کە بەجێی سیگار کێشابووی. جێی سرنج ئەوەیە کە دوای زیاتر لە ٢٥ ساڵ دیدار نەک هەر ناسیویەتەوە بەڵکوو پیپەکەشی وەبیر بووە.

کاتی خۆی دوای شۆڕشی گەلانی ئێران کە ماوێکیش ماڵی ڕێزدار مامۆستا حەسەنزادە لە شیوەسەڵ بوون و ئاوارەش کە باپیرم (کاعەلی شیوەسەڵێ)-ی لە نزیکەوە دەناسی تەنانەت دوای نزیک بە ٤٠ ساڵ گۆیا ناوبەناو ناوی هێناوە "کاعەلی شیکەڵێ" و گووتوویەتی وەک ئەو نوێژ دەکەم. ئەو ساڵانەی ئاخیر بۆیان باس کردم کە لە ماڵی ئەو خزمانەی ئێرە لە سوێند گووتوویەتی وەک کاعەلی نوێژ دەکەم.

مەبەستمە بڵێم زەکاوەت و زەینی وەک باس دەکەن زۆر دەگمەن بووە و ئەوانەی خۆشی لێ هاتبن بەردەوام ناوی هێناون و

یادی لێکردوون.

نایشارمەوە ئەوە بۆ من ببوو بە نووقتە عەتفێکی هێندەی دیکەش زیاد و تایبەتی بە نیسبەت کاکە ئاوارەی ڕووحسووک و لەسەردڵان.

هەر بۆیە بە بۆنەی ئەو کۆستە گەورەیەی کاکە ئاوارەی خۆشەویست وێڕای تاسووف و کەسەری زۆر هاوخەمی خۆمان لەگەڵ ڕێزدار مامۆستا حەسەنزادە، مامۆستاژن دایەئەستی دڵبریندار و یەک بەیەکی ئەندامانی بەڕێزی بنەماڵەی تێکۆشەریان (کاک محەممەد، دادە گەلاوێژ، دادە نەسرین، کاک ئاکۆ و کاک ئاسۆ) و تێکرای کەسوکار و نزیکانیان ڕادەگەیەنین و خۆمان بە شەریکی داخ و حەسرەتیان دەزانین.

هاوکاتیش بە پێویستی دەزانم کە بەتایبەت هاودەردی لەگەڵ بەڕێز مامۆستا مەلاحەسەنی شیوەسەڵی کە جیا لەوەی خاڵیەتی بەڵکوو هۆگریەکی دوو لایەنە و خۆشەویستیەکی تایبەتی و تەژی لە بیرەوری شیرین و لەیادنەچوویانیان بەیەکەوە هەبوون، بکەم.

ڕووحی مەعسووم و پەپوولەئاسای کاکە ئاوارەی لەبیرنەچوو شاد و سەبر و سوکنایی هەرچی زیاتر بۆ سەرجەم خاوەندارانی کۆڕی ماتەمینی کاک ئاوارەی تا دواچرکە دڵ پڕ لە خۆشەویستی و ئاوات.

ئاوارە گیان! بارتەقای باڵای ناوت، تاسە و خەمباری کۆچی بێوادەتین و لەبیرمان ناچی. وەک باس دەکرێت زۆر ئاوات و پەیام لە هەناوی گووتار و کردارت دابوون و تەنیا ئەو دڵسۆز و ئازیزانەت لێیان تێدەگەیشتن کە ئەلف و بێی هەڵسووکەوتی ئێوەی ئازیزیان دەزانی. بەهیوای هاتنەدی ئاواتەکانت کە بەئاوارەیی بۆیان لەدایک بووی، لە ئاوارەیی دا بۆیان ژیای و هەر لە ئاوارەییش دا لە پێناویان دا سەرت نایەوە.

(تێبینی: وێنەکانم بەتێرادیویی لە دیواری دۆستان و خۆشەویستان بۆ ئەو یادلێکردنە بۆسەر دیواری فەیسبووکەکەم ڕاگوێزتوون).

سەرچاوە: دیواری فەیسبووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ٢٢ی جوونی ٢٠٢٥

# ئاوارە، پەپوولەیەک لە جەرگەی شۆڕشەوە



**مستەفا مەعرووفی**

ئاوارە حەسەنزادە سەرەڕای ئەوەی سروشت شانسی گەورەبوونی پێ نەدابوو و لە باری رووحییەوە هەر بە منداڵی مابۆوە، لانیکەم لەنێو ریزەکانی حیزبی دێموکرات دا بۆ هەمووان ناسراو بوو. رەنگە بەشێکی لەبەر ئەوە بێ کە کوڕی جەنابی مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادەیە، بەڵام بێگومان بەشێکیشی لەبەر ئەوە بوو کە لە جەرگەی شۆڕشی کورددا لە رۆژهەڵاتی نیشتمان لەدایک بوو و هەڵی دا و ژیانی منداڵانە و دنیای پاک و بێگەردی راستەوخۆ کەوتە ژێر کاریگەریی رووداو و پێشهاتەکان و مەترسییەکانی بۆمباران و هێرشی پاسدارانی رێژیمی کۆماری ئیسلامی، بۆ ئەوەی ئاوارەی بێ ئازار هۆیەکەی



سەرچاوە
Serchawe

بزانێ. هەرلەبەر ئەو دۆخە ناسکە کە ئاوارەی تێدا بوو د. قاسملووی نەمر داوا لە مامۆستا حەسەنزادە دەکا رێگە بدا بینێرێتە دەرەوەی وڵات؛ دابڕانێکی خەماوی و پڕ لە پەرۆشی بۆ خۆی و بنەماڵەکەی. ئاوارە هەتا مەرگی لەنەکاو و دڵتەزینی لە ١٩ی ژوئەن لە وڵاتی سوئێد ژیا.

ئاوارە لە نەورۆزی ١٩٧١ دا لە دایک بووە، واتە ٣ ساڵ و نیو دوای ئێعدامی مەلا ئاوارە لە رێبەران و قارەمانانی شۆڕشی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان لە ٢ی سێپتامبری ١٩٦٨دا لەلایەن رێژیمی دیکتاتۆری پاشایەتییەوە. بەهۆی ئەوەی شەهید مەلا ئاوارە هاوڕێ و دۆستی هەرە نزیکی مامۆستا عەبدوللا حەسەنزادە بووە، ناوی (ئاوارە)ی لەسەر ئەم کوڕەی داناوە.

ئاوارە بە داخەوە لە زۆر شت بێبەش بوو بەڵام لە خۆشەویستی و گرنگی پێدانی بێ سنووری بنەماڵەکەی و کەسانی دەوروبەری دا کەمی نەبوو، هەر بۆیەش دڵی پڕ بوو لە هەستی خۆشەویستی و شعووری رێزگرتن لە کەسانی دەوروبەری. لە خۆشییەکانی ئاوارە پێوەندی و چاوپێکەوتن لەگەڵ خەڵک بوو. بە ئێحساساتەوە قسەی بۆ دەکردن و هەوڵی دەدا لەوەی کە لە زەینی دا دەگوزەرێ، بۆیان باس بکا. دەگێڕنەوە مامۆستا حەسەنزادە لە کۆبوونەوەی دەفتەری سیاسیدا دەبێ و ئاوارەش لەگەڵ خۆیان دەبەنە کۆبوونەوەکە.

**د. قاسملوو کە کەسێکی قسەخۆش و کراوە بووە و لەگەڵ ئاوارەی نێوانی خۆش بووە، دەڵێ: ئاوارە بە نەزمترین ئەندامی کۆبوونەوەکەمانە. ئاوارە هۆشێکی تیژی هەبوو، رووداوی کۆن و تەمەنی منداڵەتی و کەسانی وای وەبیر دەهاتەوە و باسی دەکردن کە هەمووانی تووشی سەرسوڕمان دەکرد. دیققەت و وردبینییەکی سەیری هەبوو کە ئەگەر لە هەر کەسێکی ئاسایی دا بووایە، سەرکەوتنی زۆر گەورەی لە ژیانیدا بەدەست دێنا.**

لە حیزبێکی دێموکرات دا بەو هەمووە سەلیقە و بیروبۆچوونە جیاوازانەوە، بەو هەمووە پێشبڕکێیەوە کە لە فەزایەکی دێموکراتیکدا شتێکی تەواو ئاساییە و بەداخەوە هێندێک جار رقەبەراتی و دڵئێشانیشی لەگەڵە، ئەوانەی ئاوارەیان لە نزیکەوە دەناسی لەوەدا کە هەمووان خۆشیان دەویست، هیچ بۆچوونێکی جیاوازیان نەبوو؛ لەگەڵ گۆڕانی پێوەندییە کەسییەکان خۆشەویستی بۆ ئاوارە هەر لە جێی خۆی بوو وەبەر ئەو گۆڕانە نەدەکەوت.

**کەسانێکی زۆر هەن موحیببەتیان بە ئاوارەی کرد؛ لە دایک و باب و ئەندامانی بنەماڵەکەی و هەتا کەسانی دوور و نزیک، بە گوێرەی خۆیان خزمەتیان دەکرد. بەڵام کاک محەممەدی برا گەورەی رۆڵێکی تایبەتیی لە ژیانی ئاوارەی دا هەبوو. لە هەمووان زیاتر ئەو پێی راگەیشت و مشووری لێ دەخوارد.**

**لە پەراویزی ماڵئاوایی ئاوارە حەسەنزادە**

**رووحی پاکی ئاوارە لە ئارامیی ئەبەدی دا بێ.**

**سەلامەتی و تەمەنی درێژ بۆ جەنابی مامۆستا و مامۆستا ژن و خوشک و برایەکانی. یاد و بیرەوەرییەکانی ئاوارەی بۆ هەمیشە لەگەڵمان دەمێننەوە و لەبیر ناچن.**

**سەرچاوە: دیواری فەیسبووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ٢٢ی جوونی ٢٠٢٥**

## بۆ کۆچی دوایی جگەرگۆشەی مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە و دایە مەلاژن کاکە ئاوارە حەسەنزادەی لە بەر دڵان و پەپوولە ئاسا



**ئەحمەد ڕەحمانی**

خەرەکی ژیان دەمگێڕێتەوە بۆ دۆڵی جافایەتی گەورەدێ، کانی مێو، گەڕەدێ، بۆ بناری قەندیل و ڕوحسووکی و لەبەردڵانی کاکە ئاوارە ڕوحسوک و شیرین کەلام.

چارەنووسی کاکە ئاوارەش وەکو ئێمەی منداڵانی نێو شۆڕش گرمەی تەیارەو هاڕەی بۆم و ویزەویزی گوللەو بۆنی باڕوت و بەشمەینەتی بوو.

کاکە ئاوارە گیرسانەوەی لە هەندەران و دوور لە دایک و باوک و خوشک و برا.

کۆتا جار ئەوەی لە بیرم مابێ لە ساڵانی دووهەزارەکانی زایینی دابوو، لە کۆیەو کەمپی ئازادی کاکە ئاوارەی لە دڵا شیرینم بینیەوە، سەرەتا وامزانی نامناسێتەوە، هەر لە بەر دەرگای ماڵی خۆیانڕا کە چاوی بە من کەوت بە هەڵهاتن

بەرەو ڕووم هات و وەک جاری جارانی مێرمنداڵی باوەشی پێدا کردم و ناوی هێنام و دووسێ شۆخی خۆمانەمان کرد. لە دڵی خۆمدا وتم ئاوارەی بەوەفا زەمەن و دووری نەیتوانی ناوی منت لەبیر بباتەوە.

ئێستا کە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان چاوم بە وێنەکەت کەوت نووسرابوو ماڵ ئاوا ئاوارەی پەپوولە، بەرچاوەکانم بە فرمێسک گەرم داهاتن و لە دڵی خۆمدا گوتم تۆش ئۆغرت کرد کاکە ئاوارەی ئاوارە.

-----



ئاوارە جەرگی کاکەی

بۆ کوێ کەشکۆڵی تەمەنت

لەم غەریبی و ئاوارەییەدا

گرتە کۆڵ و

لە هەورازی ژین نەدیو بووی

ئەی نەتزانی بێ ئاوارەیی

لەم ئاوارەیی و غوربەتەدا

چەندە جەرگبڕ و

بەژانە

سەرچاوە: دیواری فەیسبووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ٢٢ی جوونی ٢٠٢٥

## پەیامی هاوخەمیی لایەنە کوردستانییەکان بەبۆنەی کۆچی دوایی ئاوارە حەسەن زادە

### سەرۆک نێچیرڤان بارزانی سەرەخۆشی لە بەڕێز عەبدوڵڵای حەسەن زادە دەکات



بۆ کۆچی دواییی کوڕەکەیان، سەرەخۆشیی قووڵم پێشکەش بە بەڕێز عەبدوڵڵای حەسەن زادە و خێزان و کەسوکاری بەڕێزیان دەکەم، هاوسۆز و خەمیانم. لە یەزدانی مەزن داواکارم گیانی خوالێخۆشبوو بە بەزەیی و میهرەبانیی خۆی شاد و بکات و ئارامی و دڵنەوایی بە هەمووان ببەخشێت.

نێچیرڤان بارزانی

سەرۆکی هەرێمی کوردستان

٢٣ - ٦ - ٢٠٢٥

# مەرگی ناوەختی ئاوارە حەسەنزادە لە وڵاتی سۆئێد



**کوردستان میدیا**

ئاوارە حەسەنزادە، کوڕی بەڕێز مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە، سکرتێری پێشووی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و سیمای ناسراوی حیزبی دێموکرات و بزووتنەوەی سیاسیی کورد لە تەمەنی ٥٤ ساڵیدا بەهۆی نەخۆشییەکی کتوپڕ کۆچی دوایی کرد.

ئاوارە حەسەنزادە ساڵی ١٣٥٠ی هەتاوی لە بەغدا لە دایک بوو. لەو کاتدا بەشێک لە ڕێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و یەک لەوان بنەماڵەی مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە لە شاری بەغدا، پێتەختی عێراق نیشتەجێ ببوون. ئاوارە حەسەنزادە کە خوشکەزای مامۆستا مەلا حەسەن شیوەسەڵی، سیمایەکی ناسراوی دیکەی حیزبی دێموکراتە، لە خۆشەویستیی مەلا ئاوارە کە چەند ساڵێک بوو لە بزووتنەوە شۆڕشگێڕی و خوێناوییەکەی ٤٦-٤٧ی حیزبی دێموکراتدا شەهید بوو، "ئاوارە"ی ناو نرا، بەڵام دۆخی کەسی و تایبەتیی خۆی بووە هۆی ئەوەی چل ساڵ و بەشی هەرە زۆری تەمەنی لە ئاوارەیی و دوورەوڵاتیدا تێپەڕێ.

## لە پەراویزی ماڵئاوایی ئاوارە حەسەنزادە

ئاوارە حەسەنزادە بەداخەوە ڕۆژی ٢٩ی جۆزەردان پاش تەنیا دوو ڕۆژ ناسازی و بەبێ هەبوونی پێشینەی هیچ جۆرە نەخۆشییەک، لە ناوەندێکی تایبەت بە کەمئەندامان لە شارێکی باشووری سوئێد ماڵئاوایی لە ژیان کرد.

ناوەندی ڕاگەیاندنی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران سەبارەت بە مەرگی ناوەختی ئاوارە حەسەنزادە سەرەخۆشی لە بەڕێز مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە و بنەماڵەی بەڕێزیان دەکا.

سەرچاوە: کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ٢ی پووشپەڕی ٢٧٢٥



سەرچاوە
Serchawe

## پێوەندییە کوردستانییەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

**بە ناوی خوای گەورە**
**کل النفس ذائقە الموت**
**ب/ پرسەنامە**
**مامۆستا و سیاسەتمەداری گەورەی کورد، مامۆستا (عەبدوڵای حەسەن زادە)**
**وێڕای سڵاو.**

بەبۆنەی کۆچی دوایی کاکە ئاوارەی جگەرگۆشەتانەوە خۆمان بە هاوبەشی غەم و پەژارەتان دەزانین و پڕبەدڵ پرسە و سەرەخۆشیتان لێ دەکەین. هەر لە ڕێگەی جەنابتانیشەوە پرسە و سەرەخۆشی لە تەواوی بنەماڵە تێکۆشەر و خەباتگێڕەکەتان دەکەین.

**داواکارین لە یەزدانی مەزن ئەوە دوا ناخۆشیتان بێت و جێگەی کۆچکردووی جوانەمەرگیش بەهەشتی بەرین بێت.**

**انا للە و انا الیە راجعون.**

**پێوەندییە کوردستانییەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان**

## کۆمیتەی پێوەندییەکانی پارتی ژیانی ئازادی کوردستان (پژاک)

مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە!

لەگەڵ سڵاو و ڕێز؛

بەداخەوە ئاگادار کراین کە کاک ئاوارە حەسەن زادە، کوڕی بەڕێزتان بەهۆی نەخۆشی لە وڵاتی سوئێد کۆچی دوایی کرد. لەدەستدانی جگەرگۆشە و ڕۆڵەتان دوور لە نیشتمان و زێدی خۆی، بۆ ئێمەش بووە مایەی خەم و پەژارە.

لەم کۆستەدا خۆمان بە هاوبەشی خەمتان دەزانین و هیوای سەبووری و ئارامی بۆ ئێوە و سەرجەم بنەماڵەکەتان دەخوازین.

**ڕۆحی کاک ئاوارە شاد و سەری ئێوە ساخ بێت.**

کۆمیتەی پێوەندییەکانی پارتی ژیانی ئازادی کوردستان (پژاک)

٢ی پووشپەڕی ٢٧٢٥ی کوردی

## مەکتەبی سیاسیی – حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان

برای بەڕێزمان مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە !

بە خەم و پەژارەیەکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی کاکە "ئاوارە حەسەن زادە"ی کوڕی ئازیزی بەڕێزتانمان بیست. لەو پێوەندە خەمناکەدا پرسە و سەرەخۆشی لە بەڕێزتان و لە کەسوکار و لە خانەوادە تێکۆشەرەکەتان دەکەین و خۆمان بە هاوبەشی خەمتان دەزانین. ئومێدەوارین ئەمە دوا خەم و ناخۆشیتان بێ. ڕوحی کاکە ئاوارە بە بەهەشت شاد بێ.

سەبر و ئارامی بۆ هەموو لایەکتان.

مەکتەبی سیاسیی

حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان

٢٣ی حوزەیرانی ٢٠٢٥



سەرچاوە
Serchawe

## بزوتنەوەی گۆڕان مەکۆی هەولێر

زۆر بەداخەوە هەواڵی ماڵئاوایی یەکجارەکی (ئاوارە حسن زادە) کوڕی سەرکردە و تێکۆشەر و پێشمەرگەی گەلەکەمان بەڕێز (عبدالله حسن زادە) مان پێگەیشت. لە ناخەوە نیگەران و خەمبار بووین بۆ لەدەستدانی ڕۆڵەی ئازیزی دووروڵاتتان.

لە یەزدانی مەزن داواکارین سەبووریتان بدات و ڕۆحی کۆچکردووش بۆ هەمیشە شاد بکات.

بزوتنەوەی گۆڕان

مەکۆی هەولێر

## ئیبرایم عەلیزادە؛ سکرتێری کۆمەڵە – رێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران

مامۆستا عەبدوڵڵای بەڕێز، سڵاو.

بە بیستنی هەواڵی کۆچی دوایی جگەرخۆشەی ئازیزتان، ئاوارە، لە ناخی دڵەوە خەمبار بووم. لەو کاتە سەختەدا کە بۆ ئێوە و بنەماڵەی بەڕێزتان هاتۆتە پێش، خۆم بە بەشداری خەمتان دەزانم و داوای سەبووریتان بۆ دەکەم.
[...]

تەندروستی و تەمەندرێژی بۆ خۆشەویستانی ئاواتەخوازم.

براتان

ئیبرایم عەلیزادە

سکرتێری کۆمەڵە - رێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران

## باپیرکامەلا؛ سکرتێری پارتی کرێکاران و ڕەنجدەرانی کوردستان

بەڕێز جەنابی مامۆستا عبدالله حسن زادە.

بەڕێزان بنەماڵە و کەسوکاری خوا لێیخۆشبێت (ئاوارە عبدالله حسن زادە).

بەداخ و پەژارەیەکی زۆرەوە هەواڵی گیان سپاردنی ڕێزدار(کاک ئاوارە ) کوڕی بەرێزتانم پێگەیشت. بە بیستنی ئەو هەواڵە زۆر دڵگران و خەمناک بووین. بەم بۆنە خەمناکەوە پرسە و سەرەخۆشیی خۆمان وسەرجەم هەڤاڵانم بە ئێوەی بەڕێز و بنەماڵە شۆڕشگێڕ و نیشتمانپەروەر و سەنگین و بەرێزەکەتان و تێکڕای کەسوکار و دۆستان و خزمانی خوا لێی خۆش بێت ڕادەگەیەنین. هاوبەشی خەمتانین و لە خودای گەورە داواکارین بە بەهەشتی بەرینی شاد بکات و دوا کۆست و دوا ناخۆشیتان بێت . تەمەن درێژی بۆ تێکرای کەسوکاری دەخوازین. خودای گەورە دڵنەوایی و سێبووری هەموو لایەک بدات.

انالله وانا لیە راجعون

براتان

باپیرکامەلا

سکرتێری پارتی کرێکاران و ڕەنجدەرانی کوردستان

### عوسمانی جەعفەری؛ سکرتێری یەکێتیی دێموکراتی کوردستان

بەڕێز جەنابی مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە

زۆر بەداخەوە هەواڵی کۆچی دوایی ڕۆڵەی ئازیزتان کاک ئاوارەمان پێگەیشت. بەناوی خۆم و هاوڕێیانم لە یەکێتیی دێموکراتی کوردستان پرسە و سەرەخۆشی خۆمان ئاراستەی جەنابت و بنەماڵەی بەڕێزتان دەکەین. هیوای دڵنەوایی و سەبووریتان بۆ دەخوازین و کۆتا ناخۆشی و خەمتان بێت.

براتان عوسمانی جەعفەری

سکرتێری یەکێتیی دێموکراتی کوردستان



سەرچاوە
Serchawe

## لە پەراویزی ماڵئاوایی ئاوارە حەسەنزادە




ئەمڕۆ دووشەممە ٢٣ - ٦ - ٢٠٢٥ لە کۆیە، لاهور شێخ جەنگی بەشداری کرد لە پرسەی ئاوارە عبدللە حەسەن زادە کوڕی عبداللە حەسەن زادە سکرتێری پێشووی حزبی دیموکراتی کوردستان.

لاهور شێخ جەنگی پرسە و هاوخەمی قوڵی خۆی ئاڕاستەی خێزان و بنەماڵە تێکۆشەرەکەیان کرد، لە پەروەردگاری مەزن داواکاربوو کە گیانی کۆچکردوو بە بەهەشتی بەرین شاد بکات و سەبووری بە خێزان و خانەوادەکەیان ببەخشێت.



سەرچاوە
Serchawe




## سوپاس و داوای لێبوردن

لە ڕۆژی ٢٢ی ژوونەنی ٢٠٢٥ی زایینی (ڕێکەوتی ١ی پووشپەڕی ١٤٠٤ی هەتاوی)یەوە کە هەواڵی کۆچی دوایی جگەرگۆشەی گۆڕغەریبم ئاوارەی حەسەنزادەم ڕاگەیاندوە، شەپۆلێکی یەکجار بەربەرینی سەرەخۆشی و هاودەردی ڕووی کردۆتە دڵ و هەناوی من و سەرجەم ئەندامانی بنەماڵەکەمان کە بەڕاستی باری قورسی پەژارەی لەدەستدانی خۆشەویستەکەمانی سووکتر کردووە.

بێجگە لە هەزاران دڵسۆزی هاوسۆز کە ڕاستەوخۆ ئامادەی ڕێوڕەسمی سەرەخۆشی (لە هۆڵی پرسە و سەرەخۆشی یان لە ماڵێ) بوون، پۆلێکی لەئەژمارنەهاتووی دۆستان و سەروەران بە پێوەندیی تەلەفۆنی و ئیمەیل و نامەی دەستی و دانانی



سەرچاوە
Serchawe

## لە پەراویزیماڵئاوایی ئاوارە حەسەنزادە

کۆمێنت لە ماڵپەڕ و پەیجەکانیاندا گەورەیی و هاودەردیی خۆیان نیشان داوە.

لەنێو ئەو سەروەرانەدا لە هاوڕێیانی حیزبی و هاوەڵانی نیزیکی ڕۆژە سەختەکانی خەبات لە هەر چوار پارچەی کوردستانەوە هەبوون تا نووسەران و وەرگێڕان و شاعیرانی ناوداری کورد و سەدان کەسایەتیی دەستەبژێری حیزبی و ڕێبەران و ئەندامانی ڕێبەریی حیزبە کوردستانییەکان و ئەندامانی پارلمان و ئەنجوومەنی وەزیرانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و لە سەروویانەوە ڕێزدار نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان.

خۆزگە دەمتوانی لە نیزیکەوە سوپاس و پێزانینم پێشکەشی هەمووی ئەو بەڕێزانە بکەم یان هەرنەبێ یەک‌بەیەک وەڵامی هەموو نامە و ئیمەیل و تەلەفۆنەکانیان بدەمەوە، کە بەداخەوە لەو بارەیەوە تەنیا داخ‌وکەسەرم بۆ ماوەتەوە.

بۆیە ئێستا کە سەرەخۆشییەکە تەواو بووە، وێڕای سوپاس و پێزانین بە حورمەتەوە داوای لێبووردن لە هەمووان دەکەم و ساغی و سڵامەتیی هەموو لایەک بە ئاوات دەخوازم. هیوادارم ڕۆژی ڕەش نەبینن و سێبەری لوتف و مەرحەمەتیان لەسەرم بەردەوام بێ.

عەبدوڵڵا حەسەن زادە

کۆیە، ٢٧ی ژووئەنی ٢٠٢٥ (٦ی پووشپەڕی ١٤٠٤)

---

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی


پووشپەری ٢٧٢٥ی کوردی = جووونی ٢٠٢٥ی زایینی

---



سەرچاوە
Serchawe

**لە پەراویزی ماڵئاوایی ئاوارە حەسەنزادە**





# سپاس و پێزانین

**بۆ هەموو هاوڕێ و دۆستان بۆ نووسین و ئامادەکردنی وتار و هاوخەمییەکانتان.**

**دەستتان خۆش و هەروا قەڵەم ڕەنگین بن بۆ گەل و نیشتمان.**

**ڕەحمان نەقشی**

